# سامان ڕەسوڵپوور: فەرزاد کەمانگەر ئێستاش ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاویەوە، **سامان ڕەسوڵپور** ئەگەرچی یەکێک نییە لە دامەزرێنەران، بەڵام ئەندامێکی چالاکی ئەو ڕێکخراوە بووە. سامان لە دایکبووی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە کە بە دوای گیرانی محەممەد سەدیقی کەبودوەند لە لایەن دەزگا ئیتلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە، بە کردەوە وەک وتەبێژی ئەو ڕێکخراوە دەرکەوتووە.

چەند ڕۆژ لەوە پێش بەیاننامەیەک بە ناوی بەشێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە زمانی فارسی بڵاو بۆوە کە تێیدا ڕەخنە لە شێوەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەکە بەدوای بەندکرانی مەحەممەد سەدیقی کەبودوەند، گیرابوو و هاوکات کۆمەڵێک هێرش و تۆمەت بەرەورووی سامان ڕەسوڵپور کرابۆوە. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم بابەتە، بۆڕۆژهەڵات پێوەندی بە ناوبراوەوە گرت و کۆمەڵێک پرسیاری پێوەندیدار بە ناوەرۆکی بەیاننامەکەی ڕووبەڕو کردەوە.

سەرەتا سامان ئاماژەی بەوە کرد کە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیە پێوەندی بە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەد سەدیقی کەبودوەند گرتووە و ناوبراو پێیوابووە کە پێویست ناکا وڵامی ئەو بەیاننامەیە بدرێتەوە. بەڵام سامان دەڵێ بەهۆی ئەوە کە لەو بەیاننامەیەدا کۆمەڵێک تۆمەت بەرەورووی خۆی کراوەتەوە و هاوکات ناوی کەسانێکی وەک مامۆستای بەندکراو فەرزادی کەمانگەر هاتووە، بە پێویستم زانی ڕای خۆم لەو بارەوە دەربڕم.

لە سامان دەپرسم؛ کێن ئەوانەی ئەم بەیاننامەیان واژۆ کردووە؟ ئەو لە وڵامدا دەڵێ: "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان نیزیک بە ٥٠٠ ئەندامی هەیە و ئەوانە تەنیا ٣- ٤ کەسن. ئێمە لەگەڵ ئەو بەڕێزانە هیچ کێشەیەکمان نییە. لەبابەت هۆکاری نارەزایەتی ئەو کەسانە، سامان دەڵێ: "لەدوای گیرانی کەبودوەند ئەم چەند کەسە هاوکاریی ئێمەیان نەدەکرد، چۆن کەبودوەند سێ کەسی ئینتیخاب کرد بۆ دەستەی بەڕێوەبەریی بریتی لە من (سامان ڕەسوڵ پور)، ئومید بەگزادە و ئیجلال قەوامی. ئەم بەڕێزانە ئەڵێن کە ئەمە ئینتخابێکی باش نییە. لە هەر حاڵدا ئێمە ڕێکخراوێکی سیاسی نین، حیزب نین، کاری سیاسی ناکەین. ئێمە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ کەبودوەند پێوەندی و هەماهەنگیمان هەیە و ئەو بە وردی ئاگاداری هەموو شتەکانە. ئەگەر ئەو داوام لێ بکا کە ئێستا دەست دەکێشمەوەو وازدەهێنم، ئەو کارە دەکەم. مافی مرۆڤ بۆ من ستراتژیە نەک تاکتیک. بۆ من هیچ فەرق ناکا بەڕێوەبەر بم یان ئەندامێکی سادە. هەر ئەرکێکی پێم بسپێردرێ دەیکەم. تەنیا هەدەفی من ئەوە بووە کە دوای گیرانی کەبودوەند RMMK هەر بمێنێ و چالاک بێ."

نووسەرانی بەیاننامەکەدا دەڵێن سامان ڕەسوڵ پور ناوی فەرزاد کەمانگەری لە لیستی ئەندامەتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان سڕیوەتەوە بەڵام سامان ئەم ئیدیعایە ڕەد دەکاتەوە و ڕادەگەیەنێ کە "فەرزاد ئەندامی ڕێکخراوەکەیە و ئێمە دیفاعمان لێ کردووە و من بۆخۆم زیاتر لە ٢٠ دیدارم لەم پێوەندیەدا کردووە و ئەو بەیاننامەیەی کە بە ئیمزای ٢٥٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی، دانشجویی و ژنان لە بابەت حوکمی ئیعدامی کەمانگەر دەرکراوە، لە لایەن ئێمەوە ئامادە کراوە. ئێمە ئێستاش دەڵێین کە ئەو بەڕێزە چالاکی مەدەنی بووە و ئەم حوکمە بە ناڕەوا دەزانین و هەروەک چۆن پێشتر کارمان کردووە بۆ بەتاڵ کردنەوەی، ئەلانیش دەیکەین."

لە سامان دەپرسم ئایا تۆش هەستت بەوە کردووە کە حیزبێکی کوردی بیهەوێ دەست لە کاروباری ڕێکخراوەکەتان وەربدا؟ سامان دەڵێ: "بەهەر حاڵ ئێمە ناوەندێکی مەدەنین و پێمان وایە ناوەندی مەدەنی ئەبێ سەربەخۆ بێ. هیچ حیزبێک تا ئێستا ڕاستەوخۆ نەیویستووە ئێمە دەستەمۆ بکا. ئێمە فەقەت لە ئەندامانمان ویستووە کە ئەگەر لە RMMKدا کار دەکەن دەبێ سەربەخۆ بن، بەڵام لە دەرەوە ئازادن هەر بیروباوەڕێکیان هەبێ. چونکە ئێمە بە بێ جیاوازی ئەبێ دیفاع لە هەموو کەس بکەین کە مافی پێشێل ئەکرێ، حەتتا ئەگەر مافی ئینسانیی ئینسانێکی حکومەتیی پێشێل بکرێ."

لە سامان دەپرسم؛ ئەی باشە داستانی ئەو حیزبە چەپە چییە کە ڕاتانگەیاندبوو "هەڕەشە لە ئەندامانی پێشووی دەکا" و لەو ڕاگەیەندراوەش دا گلەیی ئەوەتان لێ دەکەن؟ ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەڵێ: "ئەو کاتە من لە سەر کار نەبووم و دۆستانی تر ئەم خەبەرەیان پەیگیری کردووە. بەڵام یەکێک لە ئەندامانی یەکێک لە حیزبە چەپەکان کە ناسنامەکەی لای ئێمە مەحفووزە، داوای یارمەتی کرد لە ئێمە و باسی تەهدید و هەڕەشەیەکی کرد کە لە لایەن ئەم حیزبەوە لێی کراوە بە هۆی دابڕانی لە حیزبەکە. ئێمە تەنیا داوامان کردووە کە لە سورەتی ڕاست بوونی ئەم مەسەلەیە، ئەم حیزبە تەجدیدی نەزەر بکا و با حقوقی ئینسانی ئەو ئەندامەیان ڕەعایەت بکەن."

ڕەسوڵ پور لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێ؛ "من و کەبودوەند و ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیش هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کەس نییە و RMMK ش ملکی کەس نییە. هەرکەس بە شێوەیەکی ئوسولی و دروست پشتگیری لە مافی مرۆڤ بکا، ئێمە ئامادەین بۆ هاوکاری. ئەم بەڕێزانەش لە RMMKدا زەحمەتیان کێشاوە، ماندوو بوون و سپاسیان دەکەین و ئەلانیش ئێمە بە ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیان دەزانین و ئەگەر هاوکاریمان بکەن خۆشحاڵ دەبین."

**ئامادەکردنی: تاهیر قاسمی**
سەرچاوە: ماڵپەڕی بۆ ڕۆژهەڵات



# ڕەشاقە، یان خۆکوشتن لە برسا؟!

مۆدێل دەستی گرتووە بەسەر هەموو ژیانی مرۆڤدا،بە تایبەت ئەو کەسانەی کە ئیش و کاریان زۆر کەمە و زۆربەی کاتەکانی ژیانیان بە سەیرکردنی تەلەفیزیۆن و ئامێرەکانی دیکە و دواتر گەران بە بازار و کەمالیاتەکانەوە بەسەر دەبەن.ڕۆژانە بە ملیۆنان ژنی گۆی زەوی لە سەرجەم وڵاتانی دنیا بەشێکی زۆر لەکاتی خۆیان بەشتی لاوەکی و بێ سوود بەسەر دەبەن،کە نەک هەر سوود بە گەل و نیشتمان و چینەکەی خۆشیان ناگەیەنن بەڵکو هەندێ جار بەهۆی کەم شارەزایی و نەزانینەوە،یان بەهۆی کاریگەری قسەی کەسێک لەسەریان،دەکەونە پەیرەو کردنی هەندێ پلان کە ڕاستەوخۆ زیان لەخودی مرۆڤەکە دەدات و توشی کۆمەڵێ گیروگرفتی دەرونی و جەستەیی دەکات،کەلە دواجاردا ڕەنگە ژیانیشی بخاتە مەترسیەوە.ئەوەی کەلێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین و تایبەتە بەژنانەوە(مۆدێلی خۆباریک کردن)ە واتە( ڕەشاقە)...خۆباریک کردن و جوانی لەش لەدنیای کۆن و نوێدا یەکێک بووە لە هەوڵەکانی ژنان بۆ خۆدەرخستن بە جوانترین دیکۆر و شێواز،لەلایەک بۆ سەرنج ڕاکێشانی پیاوان بەلای خۆیاندا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ململانێ کردنی ژنانی دیکە و خۆ فەرزکردن و پۆز لێدنە بەسەریانەوە.لە ڕاستیدا لە ڕووی تەندروسیەوە ڕەشاقە سودێکی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە بەتایبەت بۆ ژنان ئەگەر بەرێک و پێکی بەپێ ی یاسا تەندروستی و وەرزشیەکان نەخشە و پلانەکەیان جێ بەجێ بکەن،بەڵام ترسناکی خۆباریک کردنەوە لەوەدایە کەبەبێ یاسا زانستیەکان کارنەکەیت و هەرکەسێ لەخۆیەوە و بەپێ ی میزاجی خۆی بەرنامەی(ڕێجیم) و وەرزش بۆخۆی دابنێ....ڕاوبۆچونی پسپۆر و شارەزایانی بواری ڕەشاقە و جوانی ی لەش و لار جیاوازە لەگەڵ ڕاوبۆچونی وەرزشکارێک یان دکتۆرێکی نەخۆشی،چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنینی تایبەتی لەسەر کۆمەڵێ (کچ و ژن و ژنی سک پڕ و کۆرپەلەکەی)دەرکەوتووە ئەوانەی کە بەپێ ی نەخشە و پلانە زانستی و بەپێ ی پێداویستی یەکانی لەشی خۆیان خۆراک و جووڵ بەکاردێنن،لەشێکی زۆر تەندروست و جوان و بەهێزیان هەیە،بەڵام دووەم ئەوانەن کە گوێیان نەداوە بەرێژەکانی(چەوری و ڤیتامینات و ماددە کاربۆهیدراتیەکان و پرۆتینەکان) و بەپێ ی ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵیاندا کردووە و لە جۆرێکدا زۆریان خواردووە گوایە ئەمەیان چەوری ژێر پێست دەتوێنێتەوە.لە جۆرێکی دیکە کەم یان هیچیان نەخواردووە،بەیانیان نانی نەخواردووە،نیوەڕۆ خۆی ئاخاندووە،شەوان لە نیوەی شەودا لە برساندا گەدەی لە ئێشی داوە،ئەمە چی یە (ڕێجیم)دەکات،کەچی نازانێ خۆی و کۆرپەکەی توشی بەدخۆراکی و کەم خوێنی و کەم ئاوی کردووە...شارەزایان وای بۆ دەچن کاریگەری (مۆدێل)یەکجار زۆر لەسەر ئەو جۆرە کەسانە و تووشی نەخۆشی دەروونی کردوون بۆیە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن.ئەگینا دەبێ هەموو مرۆڤێک بەژن و پیاوەوە ئەوە بزانێ کە بونیەتی لەشی مرۆڤەکان جیاوازن و هەندێکیان خودا وای خوڵقاندووە نابێ زیاد لە پێویست خۆراکی پێ بدرێت و هەندێکی دیکە نابێ بەهیچ شێوەیەک کەم خۆراک بێ،ئەمە جگە لە نەشارەزایی لەجۆری خۆراکەکە و ئەو ماددانەی کە تێدایە و لەچی لە کاتێک و شوێنێکدا بەکاریان دێنی.زانستیش ئەوەی سەلماندووە کەمی ڤیتامینات و کانزاکانی ناو لەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ ناشیرین کردنی پێستی دەم و چاو،گرژبوونی دەمارەکان و دروست بوونی نەخۆشی دەروونی.بۆیە ئازیزان بە نەزانی خۆتان لەبرسا مەکوژن لە پێناوی جوانیەکی بێ سود.

**نەسرین کەریم**

# بە عەرەبکردن سیاسەتێکی دێرینە، ئێستاش درێژەی پێدەدرێ

دوای ئەوەی جەنگاوەرانی عەرەب لە پرۆسەی گەیاندنی پەیامی ئاینی ئیسلامدا خۆیان بە وڵاتانی دیکە گەیاند، لەهەنگاوی یەکەمدا ویستیان ئاینی ئسیلام بقۆزنەوەو لە پەنای ئیسلامەوە گەل و نەتەوەو ناوەکان بۆ عەرەبی بگۆڕن.

سەرکردە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان بۆ پیرۆزکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن، دەیانزانی چۆن خەڵک لە خشتە ببەن، تەنانەت هەندێجار وایان بڵاو دەکردەوە کە ئەگەر کەسێک ناوەکەی عەرەبی نەبێ، ئەگەر موسڵمانیش بێ، ناچێتە بەهەشت، چونکە ناوەکانی دیکە لەلایەن فریشتەکانی خواوە بێزراون. هەندێجاریش بەبیانۆی ئەوەی کە ناوەکە واتایکی زیانبەخش و ئاوڕووبەری هەیە، دەبێ بگۆڕدرێ، بەوهۆیەشەوە توانیان خەڵکانێکی زۆر لە خشتە بەرن و ناچاریان بکەن کە ناوەکانی خۆیان بۆ عەرەبی بگۆڕن و ناوی عەرەبیش لە منداڵەکانیان بنێن.

گومانی تێدانیە کە عەرەبە دەمارگیرو ڕەگەزپەرستەکان لەو سیاسەتەی خۆیاندا سەرکەوتووبوون، بەوهۆیەوە بە هەزاران هەزار ناوی نا عەرەبیان بە قێزەوەن و ناپەسند لەلایەن خوداوەندەوە داناو لەنێویان بردن، دواتر دەستیان بە پڕوپاگەندەی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کرد، وایان بڵاوکردەوە کە هەرکەسێک ئەگەر درەختی بوونی بۆ تیرەیەکی عەرەبی یان بۆ بنەماڵەی یاوەرێکی پێغەمبەر نەگەڕێتەوە، ئەوە کافرەو لە ڕۆژی ڕابوونەوەدا خودا نەفرەتی لێدەکات و ڕەوانەی دۆزەخی دەکات، ئیدی دیسانەوە خەڵکانی دڵپاک و باوەڕدار لەترسی ئەوەی نەوەکو خودا نەفرەتیان لێبکات، ناچار بوون کە درەختی بنەماڵەی خۆیان بۆ سەر هۆزێکی عەرەبی بگێڕنەوەو یان بە ناوی ئەسحابەیەکەوە گرێی بدەن، ئەمەش نموونەی حاشا هەڵنەگرەو ئێستاش هەندێ هۆزو تیرەی کوردو فارس و تورک و نەتەوەکانی دیکە هەن کە خۆیان بە سەر هۆزە عەرەبیەکانی دورگەی عەرەبی و ناوی ئەسحابەکان دەگێڕنەوە.

لە هەردوو هەنگاوەکەدا ڕەگەزپەرست و دەمارگیرانی عەرەب سەرکەوتوو بوون، بەوهۆیەوە چەندین تیرەو نەتەوەیان تواندەوەو بە عەرەبیان کردن. دوای تێپەڕکردنی ئەو قۆناغە ئیدی دەستیان بە گۆڕینی ناوی شاخ و گوندو شارو دەشتەکان کرد، ئەوان چونکە خۆیان دەستەڵاتدار بوون، یان ئەڵقە لەگوێکانی خۆیان فەرمانڕەوا بوون، لەو هەنگاوەشدا بە خێرایی بەرەو پێشەوە چوون، دواتر کە تورکەکان هاتن، سیاسەتی بە تورککردنیان لەسەر شێوازی بە عەرەب کردن درێژە پێداو تێیدا سەرکەوتوو بوون.

ئەگەر بگوترێ کە قسەکردن لەرابردوو کێشەکانمان چارەسەر ناکات و بەڵگەی هاوچەرخ نین، دەبێ ئەو سیاسەتەی پادشا و حکومەتی بەغریب بخەینە بەرچاو کە هەنووکە لەسەردەمی جیهانگیری و ئینتەرنێتدا پیرۆی دەکەن و بنەماڵە ئەماغیزیەکان ناچار دەکەن کە ناوی عەرەبی لە منداڵەکانیان بنێن.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر بە وردی باسیان لەو سیاسەتە کرد و هەواڵی ئەو خۆپێشاندان و ڕێپێوانانەیان بڵاوکردەوە کە ئەماغیزیەکانی وڵاتی مەغریب بۆ ریسواکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن ئەنجامیان دابوو.

کاتێک لە ڕێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە گوێم لە قسەی هەندێک ئەماغیزی بوو کە حکومەت نەیهێشتووە ناوی خواستراو لە منداڵەکانیان بنێن، تەواوی ئەو سیاسەتانەم وەبیر هاتەوە کە ڕژێمی بەعس بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان دژ بەکورد بەڕێوەی دەبرد. بۆیە لەناخەوە نەفرەتم لە بەعەرەبکردن کردو گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە لەهەر شوێنێ دەستیان بڕوات درێژە بە عەرەبکردن دەدەن.

**فەرمان کوردستانی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com